# نامە

هێمن ڕەئووف
hemnrauf@hotmail.com



دەلالێ من ..
لەم دووریی و تەنهاییەوە
نامەیەکت بۆدەنێرم
بەخوێنی دڵم نوسرابێ

لەسەر سپێنەی چاوانم
بە ڕنگینی هەستەکانم
ڕەنگ کرابێ

بە پێنوسی برژانگە ئاوگرتەکانم
بەخەتێکی کوردی ئاڵۆز
ژیانمی تیا نوسرابێ

من شیعرێکت بۆ دەنێرم
لەدێرێکدا
لە جێی ووشەیەکی شیرین
دڵی خۆمی تیا نەخشابێ
ئیتر لە ناویا دەبینی
هەرچی یادو بیرەوەری و باسی خۆتی تیا نوسرابێ

من پەیڤێکت بۆ دەنێرم
بە ئاوی ئەڤین و عەشق ئاودرابێ

من کانییەک لە ووشەی جوان
دەکەمە تاڤگەیەک لەهەست
بەسەر چیای عەشقی تۆدا
دەیپرژێنم
لەو (هەست)انەی بۆ هیچ کەسێک نەدرکابێ

دە تۆیش گیانە
تەنها وەڵامی سڵاوم بدەرەوە
بەڵام تو خوا
با ئەمجارە
لەزاری شیرینی تۆوە و
لە دەنگی بەسۆزی تۆوە
هەڵقوڵابێ ..

2006.07.21